# پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامە نوسی بەردەم پەرلەمانی کوردستان دەبێت هەڵبوەشێتەوە

بەرواری 2007/11/11 پارلەمانی کوردستان پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامە نوسیخستە بەردە ئەندامانی پارلەمان بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لێی کە لەلایەن (سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان)ە وە ئامادە و پێشنیار کراوە .

بەپێی ئەم پرۆژەیە ڕۆژنامەنوسان دەتوانن ئەو زانیاری و هەواڵ وئامارانەی لای هاوڵاتیان گرنگن لە دەزگاو فەرمانگەکان بەدەستی بهێنن و بلاوی بکەنەوە"بەمەرجێك نهێنی نەبن و پەیوەندیان بە ئاسایشی هەرێمەوە نەبێت".

وە ڕۆژنامە نوس بەبڕی (1000.000) یەك ملیون دینار کەمتر نەبێت و (2000.000) دوو ملیون دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت ئەگەر دەست بەرێت بۆ رەخنەگرتن لە بیروباوەڕی تایەفەگەری و دینی و " ئەو بیر و باوەڕانەی کە یاسا دانی پێدا ناون" .

وە مەرجە ئەو کەسەی ڕۆژنامە دەردەکات لێهاتویی تەواوی یاسایی هەبێت و خاوەنی ئیمتیازی هەر ڕۆژنامەیەك بەیانی دامەزراندنی ڕۆژنامەکە لە ( سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان) تۆمار بکات.

ئەم پرۆژەیە بێجگە لەوەی لەقاڵبدانی کاری ڕۆژنامەنوسیە لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی ( سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان) داو پەلکێشکردنی ڕەوشی ڕۆژنامەگەریە بۆ ژێر باڵ و ئاسۆی ئەو سەندیکایە کە خۆی لە خۆیدا سەرکوت و ناچارکردنی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنوسانە بۆ تەسلیمبون بە ژێر چەتری سەندیکایەك کە بێجگە لە وەسیلەی دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ محدود کردنەوەی کاری ڕۆژنامەنوسی شتێکی دیکە نیە .

لەهەمانکاتدا ڕێگری وبەستنی زمانی ڕۆژنامەنوسانە لە ڕەخنەگرتن لەبیری تایەفەگەری و بڵاو بونەوەی هەواڵی "نهینی " بەبیانوی پاراستنی ئاسایشی هەرێم و لەکەدارکردنی دابونەریتی گشتی کە ئەم بیانوانەش تازە نین و ، کەمنین ئەو ڕۆژنامەنوس و ڕۆژنامانەی لە ڕابردوودا بەم بیانووانە ڕەخنە لە بیروباوەڕی زاڵ ڕوو بە ڕویی داخستن و زیندان بونەتەوە .

بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەم پرۆژەیە ناکۆکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی بیروڕاکان وە دەبێت دەستبەجێ ڕەتبکرێتەوە و هەڵبوەشێتەوە و لە جێگایدا یاسایەکی مەدەنی و پێشکەوتنخواز دابنرێت کە ئازادی بێ مەرجوو سانسۆر بداتە ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسان و ئازادی بیروڕا فەراهەم بکات .

ئەم کارەش پێویستی بە یەك دەستی و یەك دەنگی خودی ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازانە و پێویستە بە جوهدی خۆمان لەزگەی (سەندیکای رۆژنامەنوسان) لە زمان و قەڵەمەکانمان دابماڵین و ئەم پرۆژەیە بە شکست بێنین بانگەوازی خەڵکی کوردستانیش دەکەین بۆ پشتیوانی لە ئازادی فکر و قەڵەم پشتیوانی ئازادی خوازانبن .


بۆپەیوەندی گرتن لەگەڵ ( دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین ) دەتوانن لەگەڵ ئەم ئەدرەسانەی خوارەوە پەیوەندی بکەن

ڕێبین فاروق reben_faruq@yahoo.com

ژمارەی مۆبایل: 07702163235

ئاکۆ خەلیل khalil_zada@yahoo.com


سلێمانی 2007/11/15

## دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین

# ئیمزاکانمان بەڵێیە بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسی

ئێمە کە لەخوارەوە ئیمزامانکردوە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی ( پرۆژەیاسای کاری ڕۆژنامەنوسی )ن کە لەلایەن ( سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان )ەوە خراوەتە بەردەم پارلەمانی کوردستان بە مەبەستی بەیاسابیکردنی , چونکە پیمانوایە ئەو پرۆژەیە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم ڕۆژنامەنوسان و دژی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانیە لە کوردستان .

| ناو | ئیمزا |
| --- | --- |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |